# ترس وعێراق - ١ (عێراق و چیرۆکێک لەسەر ترس)

ئەم بابەتە کە بە شێوەیەکی زۆر سادە و کورت نووسراوە باسی ئەم خاڵانە دەکات: وشەیەک و چیرۆکێک دەربارەی ترس، چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بۆ عێراق، رستەیەکی زور کورت بو قەندیل، تورکیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەنجامی ئەم وتارە.

" دەڵێن کەسێک تاوانەکی ئەنجامدابوو و تاوانەکەی سزای مردن بۆ. لە ڕۆژی دادوەریدا بردیان بۆ ژوورێکی گەورە و پاشای وەڵاتەکەش لەوێ ئامادە بوو. پاشا بەم تاوانبارە دەڵێت کە دوو بژاردەی هەیە: یان بەم پەتە، کە لە ژوورەکەدا بوو لە سێدارە دەدرێت یان دەرگای بەرامبەری دەکاتەوە. بەڵام دەرگایەکە**Mystérieuse** ترسناک و زۆر گەورە بوو.
تاوانبارەکە تەماشای پەتایەکە(وەریس) و دەرگایەکە دەکەت و لە هەمان کاتدا مانتالی دەستپێکرد بە دروست کردنی هەزار و یەک فکر و بیرکردنەوە. تاوانبارەکە لە دڵی خۆیدا دەڵێت: کێ دەزانێت لە پشت ئەم دەرگایە چی هەیە؟ ڕەنگە شتێکی زۆر مەترسیدار هەبێت: وەک ئاژەڵێکی کێوی کە زۆر برسی بێت و بە زیندووی بمخوات؛ لە شاخێکی زۆر بەرز فڕێم دەدەن، فڕێم دەدەنە ناو دەریاوە، یان بۆ ماوەیەکی زۆر ئەشکەنجەم دەدەن و بەو شێوەیە دەمکوژن،...هتد. بەهۆی ئەم بیرکردنەوەکانی تاوانبارەکە هەڵواسینی هەڵبژارد. لە کاتێکدا کە پەتایەکە لە دەوری قوڕگی تاوانبارەکەیان دادەنا، تاوانبارەکە سەیری پاشا دەکات و پێی دەڵێت: ئێستا کە من دەمرم و ناتوانم بە کەس بڵێم، بەڕاستی حەز دەکەم بزانم لە پشت ئەم دەرگایە چی هەیە. پاشا گوتی من ئەم هەڵبژاردنە پێشکەش بە هەموو تاوانباران دەکەم و سەیرە کە هەموویان پەتەکە هەڵدەبژێرن. دوای قەسەکانی پاشا، تاوانبارەکە جارێکی دیکە پرسیارەکەی دوبارە کردەوە. پاشا پێکەنی و گوت: لە پشت ئەم دەرگایە: ئازادییە، ئەگەر ئەم دەرگایەت هەڵبژاردبا، ئێستا بۆ خۆت ئازاد دەبۆی. دەرگاکەیان کردەوە و تاوانبارەکە بینی کە بە راستی لە پشت دەرگایەکە بەس دەشت بۆ."

هوشیار بارزانی گووت:"ئەم چیرۆکە چی فێرمان دەکات؟ بۆچی تاوانبارەکە وەریسەکەی هەڵبژارد لەجیاتی دەرگایەکە؟ ئەم هەڵبژاردنە ئەنجامی **Vibration** ی نزم یان بەرزە؟ کاریگەری ترس لەسەر گەلێک، کۆمەڵگایەک، یان کەسێک چییە، چۆنە؟ چۆن ترس دەتوانێت چارەنووسی کەسێک، کۆمەڵگایەک، گەلێک بە شێوەیەکی ڕیشەیی، باش یان خراپ بگۆڕێت؟ ئایا کۆمەڵگا، فلان کەس دەزانێت کە ترس بەرهەمی **Vibration**ی نزمە؟ ئایا کۆمەڵگا، پۆلیس، پێشمەرگە، فلان کەس، هێزەکانی ئەمنی،...هتد، دەزانن و/ یان چۆن دەتوانن خۆتان ڕزگار بکەن لە ترس؟ کاتێک ترس دەبێت یان دەگۆڕێت بۆ هەست پێکردنەکی**dysfunctional**و لەم حاڵەتەدا ترس فۆرم و شێوەیەکی تری هەیە وەک: **acute stress disorder, anxiety, phobia, stress, or post-traumatic stress disorder**کە بەپێی پلەکە، دەبیتە نەخۆشی. چەند کەس بەم شێوەیە زۆر نەخۆش کەوتوون یان تووشی نەخۆشی سەخت و مەترسیدار بوونە؟

لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد نێوان کۆمەڵگای عێراقی و ئەو چیرۆکی سەرەوە چی بۆومان ئاشکرا دەکەت؟ کی بەشێوەیەکی بەردەوام تاوانبارە لە عێراقدا: چینی سیاسی و دینی دەسەلاتداری عێراقی، یان جەماوەری عێراق کە بە بەردەوامی لە ژێردەستی، ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی زۆرقوڵ، شەڕی جیاوازی تائیفی ئێتنی دینی وجینۆسایدی بەردەوام،...هتد، دابوویە و بۆچی سەرەڕای ئەم ستەمە، ترس تا ئێستاش شوێنێکی تایبەت و بە رێزی هەیە لە عێرقدا؟ تاوانبارەکە بۆ رزگار کردنی خۆی پێویستی بە چی بۆ: جورئەت، پارە، شتێکی تر یان عەقڵ؟ ئەم تاوانبارە، کە لە حالەتەکی زۆر لاواز دابوو، چۆن بە ئاسانی دەتوانی خۆی رزگار کەت لە مەردن؟ خاڵەکانی هاوبەش و جیاوازی ئەم چیرۆکە لەگەڵ کۆمەڵگای عێراقی چین لە ئاستی: مانتال، ترس، لاواز و بە هێز بوون؟ میلیشیاکانی کورد و عەرەبی عێراقی چەند ملیۆن دۆلار ساڵانە تەرخان دەکەن بۆ سەرمایەگوزاری شەرعی ترس و توندوتیژیەکانی، یان بۆ مۆدی جەماوەری دەسەلاتدار؟"

<u>وشەیەک لە سەر ترس1، هوشیار بارزانی گووت:" ترس ئامرازێکی ئیگۆیە، کە تۆ پێویستت پێ نییە. ترس حەز لە گۆڕانکاری نییە و بەهۆی ئەوە دۆخەکە خۆی دووبارە دەکاتەوە بە تایبەتمەندییەکانی تایبەتی خۆی، وەک ئێستا لە هەموو عێراقدا: بەرەیەکی نوێی سیاسی لە سلێمانی (وەک: هاوپەیمانیی نیشتمانی، رزگاریی کوردستان، کڵپەی نیشتمانی، بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان)، بەغدا یان هەولێر پەیدا بۆوە کە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەت، بۆ پلە و پۆست وەک هاوپەیمانیی چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعی کە پێکهێنەری حکوومەتی فیدراڵی ئێستایە،...هتد. = بە هێز کردنی مۆدی سیاسی و جەماوەری. ترس بە هیچ شێوەیەک راوێژکارێکی باش نییە، ترس شتێکی سەرنجراکێش (جەزاب)، هەیە؛ بە شێوەیەک کە هەموو مەیدان بۆ خۆی داگیر دەکات چونکە ترس خاوەنی دەلیل و بۆچوونی خۆیە کە زۆر عاقڵانە و بە هێزن(ئامانجیان دروستکردنی متمانەیە بە ترس)، و دەڵێت
کە هەموو شتێ کە من (ترس) دەڵێم دەبن بە واقیع، راستی؛ ترس بینین، بۆچون و تێگەیشتنی ئینسان دەگۆڕێت(تاوانبارەکە چۆن خۆی کوشت؟)، ترس 'دۆستی' دیکتاتۆر، ئایدۆلۆژیای هێرشبەر، ڕەنگی ڕەش و میلیشیایە بە شێوەیەک کە هیچ حەز ناکەن تاکە کەس، کۆمەڵگا، هێزەکانی ئەمنی،...هتد، لە چوارچێوەی ترس خارج بن؛ ترس پەیوەندییەکی زۆر نزیک بە زەمانەوە هەیە چونکە تاکەکەس دەترسێت کە لە ئایندە شتێکی ترسناک و زۆر خراپ ڕوودەدات ئەگەر فلان ئیش بکەت(وایە یان نە ئەندامی حزبی، هێزەکانی ئەمنی، فلان کەس)؛ یان لە ئەوە بترسێت کە ڕووداوێکی ڕابردوو کە پیس و خراپ بۆویە لە داهاتوودا دووبارە ڕوودەداتەوە."</u>

بەکارهێنانی ترس بۆ بەرگریکردن لە خۆتان عادەتەکی ڕۆژانەی زۆر قووڵە کە کۆمەڵگا، هێزەکانی ئەمنی، ئەندامی حزبی، فلان کەس،...هتد، بەکاردەهێنن. کاتی ئەوە هاتووە کە جەماوەر، کۆمەڵگا بە شێوەیەکی عام ئاگادار ببیتەوە و مۆڵەت بدەن بە ترس کە خۆی پێشان و ئاشکرا بکەت تا بزانێن لە کوێدا دەستتان بە ترس گرتووە بۆ ئەوەی بتوانێن واز لێبهێنن. هەڵەکە ئەوەیە کە تاکەکەس، ئێوە باوەڕ دەکەن لە فکر و هزر کردنی خەلەتی مانتال2. کۆمەڵگا، ئەندامی حزبی، فلان کەس، هێزەکانی ئەمنی،...هتد، لەکوێ و چۆن پشتتان بە ترس بەستووە؟
زۆر پێویست و گرنگە کە لە داخلی خۆتەوە شێوازەی بینین و سەیر کردنی ئەم دونیایە بگۆڕی، نە بەس بۆ بینینی سروشتی راستەقینە و واقیعی ئەم جیهانە، بەلام بۆ ئاشکراکردنی ئاسایشی ساختەی دونیای، مونافیقی و دوڕویی جیاوازی دینی، سیاسی، ئابوری...هتد، و درۆی شاراوە،...هتد،

که به ٢٤ ساعەتی لە ناودا دەژی. ترس بەسوود دەبێت کاتێک ترس وەک نیشانەیەک دەزانی کە باوەڕت بە درۆ هەیە و کاتێک حەز دەکەی، ئامادەیت کە ڕێگە بدەی کە درۆکان ئاشکرا بکرێن و هەڵبوەشێنەوە. زۆر گرنگە بزانی کە ئەزموونی ترس بە تەواوی لە دەستتدایە.
باشترین چارەسەر بۆ ترس چییە؟ ئەمە وەک ئەوەیە کە خوێندکارێک بەڵێت چ پرسیارێک دەبێت بخوێنرێت بۆ تاقیکردنەوە؟ زۆر بە کورتی و سادە: باشترین دەرمان و/ یان چارەسەر بۆ ترس نییە. لە هەر کاتێکی نیگەرانی و ترسدا، کە تەجروبەی دەکەی، فکر و هزرکردن بەکاردەهێنی بۆ دروستکردنی بیناکە، و باوەڕ دەکەی کە لە سزادان و ئەشکەنجەدانی جەستەی و دەروونی دەتپارێزێت. ئەگەر ئەمڕۆ بەسەر ترسی خۆتدا زاڵ و سەرکەوتوو بووی مانای ئەوە نییە کە ناگەڕێتەوە؛ بە فۆرم و شێوەیەکی تر دەگەڕێتەوە. گەورەترین چارەسەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ترسی خۆت: خۆناسینە و بەرز کردنی ئاستی ویژدانە.

نازانم کە کۆمەڵگا، 'کەسایەتی ناسراوی کوردی'، 'ڕۆژنامەنووس'، 'چالاکوان'، 'ڕۆشنبیر' ئاگادارن یان نە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان(فەیسبووک، یوتیوب یان ئینستاگرام،...هتد)، زمانیان هەیە ئێستا وەک ئێنسان و بە خۆیان دەڵێن: ئێستا گا و گوێدرێژیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەکاونتیان هەیە و دەتوانن کۆمێنت بنووسن یان وێنە و ڤیدیۆ بەجێبهێڵن.
زۆربەی کات زەحمەتە قسە کردن لەگەڵ فلان کەس بەلام بۆچی؟ وایە احمد حەمە اغا یان نە؟
هوشیار بارزانی گووت:" لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا چ دیاردە و/یان ڕاستییەک کۆمەڵگای کوردی دەتوانێت نیشانمان بدات؟ - بێ گومان یەکێک لەو پێکهاتەکانی گرنگی کە بەشدارە لە بەردەوام بۆون و هەبوونی مۆدی سیاسی و جەماوەری باڵادەست لە کوردستانی عێراقدا ترسە. - خەتای کۆمەڵگا و جەماوەری کورد ئەوەیە کە نەیانتوانی لە مۆدی باڵادەستی جەماوەری دەربچن. - خەڵکی کوردستان بیر و باوەر دەکەن و پێیان وایە کە لاوازە و ناتوانێت هیچ شتێک (بەبێ یارمەتی دەوڵەتێک یان بەبێ پارە)، بکات دژی میلیشیاکان، سەرەڕای ئەوەی کە ٩٥٪ی خەڵک دژیانە. - بێزار بوون تەنانەت لە ناو هێزەکانی ئەمنی، پۆلیس، پێشمەرگە و ئەندامی حزبی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترە چونکە باش ئاگادارن کە بە هیچ شێوەیەک کاتی ئەم میلیشیانە نەماوە. - هەر بەرپرسەکی مەرکەزی میلیشیای 'خاوەنی بانکی تایبەتی' خۆیە. - هەر شتێکی کە بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی دەکەن بەس بۆ حەیوان کردنی کۆمەڵگایە.
- بەبێ گەندەڵی و تاڵانی بێ سنووری کۆمەڵگا، ئەم سەرکردانە ناتوانن بژین. - نەبوونی سەرکردایەتییەکی ڕاستەقینە. - تەجروبەی میلیشیای جیاوازی کوردی وەک گۆران چی ئێسبات دەکەت: ئەم تەجروبەیە پێویست و گرنگ بۆ، بۆ ئەوەی کە بۆ هەموو کەسێک ئاشکرا بۆ سروشتی ڕاستەقینەی 'سەرکردەکانی' میلیشیای کوردی کە بە شێوەیەکی ١٠٠% لە ژەێر مانتالەکی زۆر نزم، پیس و خراپ دانە؛ دووبارە کردنەوەی مۆدی جەماوەری و سیاسی دەسەلاتدار هیچ سوودێکی نییە؛ بۆ پاراستن و بە هێز کردنی مۆدی دەسەلاتداری سیاسی، هەموو 'سەرکردەکانی' میلیشیای کوردی یەککگرتوونە، دز و گەندەڵی بێ سنوورن...هتد.
- چارەسەر لە دەرەوەی مانتالە (فلان کەس دەڵێت کاکە چۆن تێنەگەیشتم). - ئەندام بوونی حزبی مانای چییە ئێستا = ترسێکی قووڵی دەروونی لە دەستدانی داهات، موچە، کۆیلەکردنی بەردەوامی خۆت، بەرگری کردن لە تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی زۆرقوڵ، نادادپەروەری، ستەم و زوڵموزوری، شەڕی بەردەوام لەگەڵ ویژدانت، ڕێگا خۆش کردن بە شێوەکانی جیاواز بۆ کۆیلەکردنی منداڵەکانتان.
ئێستا، هیچ نەکردنی کۆمەڵگا و جەماوەری کورد بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە زۆر پیسترە لە شکستی ساڵی ١٩٧٥ یان لە شەڕی براکوژی نێوان میلیشیای کوردی.
چەند خاڵێک لە سی ڤی سەرۆک، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆک وەزیر و سکرتێری میلیشیای(حزبی)، کە کۆمەڵگا ئاگادار نییە:
- لە پرەنسیپ، باوەڕ دەترسن و بە هیچ شێوەیەک حەز ناکەن ئەم وتارانە بڵاو بکرێنەوە یان بخوێنرێنەوە، یان گرنگی بەم وتارانە بدەن. - زۆر ڕازین و دڵخۆشن: لە ڕەفتاری میدیایەکان، ئێش و کاری ڕۆژنامەنووسان، چالاکوانان، ڕۆشنبیران، کەسایەتی ناسراوی کوردی و کۆمەڵگا؟ بۆ؟ چونکە مۆدی جەماوەری بەشێوەیەکی بەردەوام خۆی دووبارە دەکەتەوە. - نە بەس زۆرلاوازترن لەوەی خۆیان پێشان دەدەن، بەلام ترسی ئەوان زیاترە. - لە قووڵایی دڵیان حەزیان لە بڵاوکردنەوەی کولتوری فەساد، ترس، گەندەڵی، دزی و تالان کردنە، بە شێوەیەک کە کۆمەڵگا، جەماوەر فکر و هزر دەکەت کە بەبێ پارە یان بەبێ یارمەتی ئەکتەری دەوڵی خارجی ناتوانێت هیچ شتێک بکات بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە و ئەوەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. - وەک 'کەسایەتی ناسراوی کوردی'، ناتوانن بابەتێک بنووسن ئەگەر کەسێک یارمەتیان نەدات. -...هتد.

چەند خاڵێک لە سی ڤی 'کەسایەتی ناسراوی کوردی'، 'پەرلەمانتار'، 'سیاسەتمەدار'، 'ڕۆژنامەنووس'، 'چالاکوان'، 'ڕۆشنبیر'،...هتد: بە شێوەیەکی بێ سنوور حەز لە خۆیە، زۆر بە هێز دەژی گۆڕانکاری ڕاستەقینەن: بەلام دەزانی و/یان ئاگاداری خۆتی؟ نە. بە شێوەیەکی بەردەوام لە ناوInconscientدەژی، خاوەنی ویژدانەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی،...هتد، زۆر نزم و نزانی و هەر لە بەرئەوە بە بەردەوامی مۆدی دەسەلاتداری جەماوەری و سیاسی بەهێز دەکەی. = سەرۆک، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، سەرۆک وەزیر و سکرتێری میلیشیای(حزبی)، زۆر لە ئێوە ڕازینە، بچووکترین شت کە دەکەی پێویستە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوار بکەی(تەنانەت ئەگەر زۆر نێگەتیڤ و خراپیش بێت)، بۆ ئەوەی مانتالی زۆر بچووک و نەزانی خۆت ڕازی بکەی، حەز لە کۆبوونەوەی ڕەسمی و نارەسمی دەکەن(مانای چییە)، پڕن لە پارادۆکس، ئەم کردار وفکر کردنی ئێوە بەس بارێکی قورسە، هەر شتێکی کە گرنگە بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە، گرنگی پێ نادەن = عادات و تەقالیدی3 ڕۆژانەی ئێوە،...هتد. = کۆیلەی مانتالەکی زۆر پیس و بچووکن.

ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانیی کوردستان، ڕزگاریی کوردستان، کلْپەی نیشتمانی، بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان، کۆمەڵگا، جەماوەر، پۆلیس، پێشمەرگە، فلان کەس تا چەند ساڵی تر، زینیدانی مانتالەکی زۆر پیس و بچووک دەبن و زۆر خراپ سەرتان لە دیوار دەدەن؟ ماوەیەک پێشتر، پەرلەمانتارێک و چەند کەسێکی تر وەک ئێوە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا وتیان کە ئێمە 'بزووتنەوە یان ڕێکخستنەکی' مەدەنی دروست دەکەین و پێش ئەوان بازاری گۆڕان بۆ کە بە شێوەیەکی زۆر پیس وخراپ سەریان لە دیواردا. بۆ هیچ دەرسەک لە مێژوو وەرناگرن؟ کەی حاڵی دەبی کە چارەسەرە لە دەرەوی مانتالە؟
هەمووتان پێویستە باش ئاگادار بن کە هەر کار، ئێش و شتێک کە لەدەرەوەی ئەم بابەتە دەکەن4(جێبەجێکردنی وردی ئەم بابەتە و سەرکەوتن دڵنیایە)، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک و لە بنەڕەتدا( بە سروشتی خۆیدا)، دۆڕاوە و سەرنەکەوتوو دەبێت. نازانم لە یەکتر تێدەگەین یان نە؟ وەرە چونکە هیچ چارەسەرێکی تر نییە. تا زووتر تێبگەیت باشترە.

چەند خاڵێک لە سی ڤی چینی سیاسی و دینی دەسەلاتداری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی: - زۆر بە ئاسوودەیی دانیشتوونە، ڕازین و دڵخۆشن لە ڕەفتاری میدیایەکان، ئێش و کاری ڕۆژنامەنووسان، چالاکوانان، ڕۆشنبیران و فکر و باوەر دەکەن کە دەبێت ئەم بارودۆخە هەر بەر دەوام بێت بۆیان. - دوای ڕووخانی سەدام چ جۆر هاوپەیمانییەک دەبینین سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت لە بەغدا؟ تەنها هاوپەیمانییەک، کە لە پێش هەموو شتێکەوە لە خزمەتی ئەکتەری دەولی خارجی دایە و پاشان لە خزمەتی چینی سیاسی و ئاینی دەسەلاتدارە. - شەرعییەتدان بە ئەم شێوازی پێکهێنانی حکومەت، ئەم بەڕێوەبردنە، تالان کردن، دزی و گەندەڵی بێ سنوور. - خزمەت کردنەکی زۆر پیس و دانپێدانەنراوی تائیفییەتی ئیتنیک و دینی. - هەر بەرپرسەکی مەرکەزی سیاسی و دینی خاوەنی ئیمتیازاتی بێ سنوورە و بۆیان شتێکی زۆر ئاساییە. - بەرژەوەندی ئەم سەرکردانە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی شیعە، سوننە وعێراقدا نییە. - گۆڕانکارییەکان(وەک کوردستان)، دەبێ لەو شوێنە بوەستن کە بە هیچ شێوەیەک بەرژەوەندییەکانی سەرەکی چینی سیاسی-ئاینی دەسەلاتداری عەرەبی عێراقی نە خاتە مەترسییەوە.

- داگیرکردنی ئاشکرا یان شاراوەی عێراق بۆیان گرنگ نییە. - نەبوونی ویژدانەکی نەتەوەیی و هەبوونی ویژدانەکی نزم کە لەم وشانە پێکهاتووە: میلیشیا بوون، بەرژەوەندی شەخسی، ئاو دان و بە هێز کردنی بەردەوامی مۆدی جەماوەری شیعە و سوننەی عەرەبی عێراقی کە یەکێک لە پێکهاتەکانی ترسە.

- وەک چینی دەسەلاتداری کوردی، زۆر بە هێز عەرەبانەکە دەخاتە پێش ئەسپەکە. - زۆربەیان پێیان وایە کە هیچ کەس ناتوانێت هیچیان پێ بڵێت: untouchable. - وەک سەرکردەکانی کورد لەسەر بیرەکانی نەوت دانیشتوونە. - هیچ کامیان بەرپرسیار نین لە دزی، گەندەڵی، تالان کردن و سیستەمی میلیشیای. - ...هتد. = مانتالەکی زۆر پیس ونزم. ئامارەکان یان جەماوەر چی دەڵێن لە سەر ئێوە؟ جەماوەری شیعە و سوننەی عەرەبی عێراقی پێویستە چاک ئاگادار بن کە هیچ نەکردنی ئێوە خراپترە لە شەڕی ناوخۆ یان شەڕەکانی سەدام. بۆچی؟ چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ کولتووری مۆدی سیاسی و جەماوەری دەسەلاتدار باشتر دەچەسپێت لە ناو کۆمەڵگادا."

ترس ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست و ئەوە بە ئاست و دەرەجەی جیاواز لە مەکاندا. لە وەلاتەکانی خۆرهەلاتی ناوەراست و نزیک، ترس نە بەس خواردنەکی زۆر باشی هەیە، بەلام سەرمایەگوزاریەکی جیاواز و گەورە لە خزمەت کردنی ترس دایە. بۆ نموونە: تورکیا. سەرەڕای ئەوەی کە ئابووری تورکیا لاوازە، ساڵانە دەوڵەتی تورک چەند ملیۆن دۆلار سەرمایەگوزاری لە ترس و توندوتیژیەکانی دەکات کە هەموویان زۆر شەرعی و پێویست دەزانیت. بۆچی ترس شوێنێکی تایبەتی هەیە لە تورکیا و لەلایەن دەوڵەتی تورک خۆراکی باشی پێدەدرێت؟ چل ساڵ لەمەوبەر کێ باوەڕ بەوە دەکرد کە لە ساڵی ٢٠٢٣دا توندوتیژی و ترسی جیاواز بەردەوام دەبن و بالادەستن لە ناو مۆدی دەسەلاتداری سیاسی تورکی؟ شەڕ و توندوتیژی لە تورکیا و بە تایبەتی دژی کورد درێژخایەنە. بە ئاستێکی تری ویژدان گرنگە کە نە بەس قەندیل و تورکیا بەلام خۆرهەلاتی ناوەراست و نزیک بە گشتی و زۆر قووڵ بیر لە ستراتیژیەکی نوێ بکاتەوە بۆ گۆڕینی مۆدی دەسەلاتدار. قەندیل باش ئاگادار بە کە بەرژەوەندی شەخسی و حزبی بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی عامی کۆمەڵگادا نییە. واز بینە لە کولتوری culte de personnalité. گۆڕینی ئاستی ویژدان مانای چییە فلان کەس(پێم وایە ئەمە بۆ ئێوە قورسە)؟

هوشیار بارزانی گووت:" کۆمەڵگای عێراقی(شیعە، سوننە، کورد و مەسیحی)، باش ئاگادار بن کە بەرژەوەندی ئێوە لەگەڵ هیچ میلیشیایەک(حزب)، یان میحوەری سیاسی، ئایدیۆلۆجی، تائیفی یان دینی نییە نە لە دەرەوە ونە لە داخلی عێراقدا، (لەوانەیە زۆر کەس لەمە تێنەگەن لە بەر ئاستەکی زۆرنزمی جیاوازی ئێوە). ئەگەر جەماوەری ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست نەیانتوانی خۆیان لە مۆدی سیاسی و جەماوەری دەسەلاتدار ڕزگار بکەن، پێویستە عێراق هەر بەردەوام بێت لە کۆپیکردنی مۆدەکانی تر؟ نە. پێویستە ئەمریکا و ئەورووپاش (گرنگە یارمەتی دانی ئەم گۆڕانکاری ڕیشەی بن)، لەوە تێبگەن کە هەڵبژاردنەکان لە سەرانسەری عێراقدا نە بەس هیچ مانای نییە، بەلام هەر بۆ بە هێز کردنی بارودۆخی ئالوزی ئێستایە، بۆ حەیوان کردنی کۆمەڵگا. ئەگەر کەسێک بەڕاستی نەخۆش بێت، دەنگ دەدات. بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لە هەموو عێراقدا زۆر زۆر گرنگ و پێویستە. عێراق چ دەرسەک چیرۆکی سەرەوە بۆومان ئاشکرا دەکەت و چی پێمان دەڵێت؟ تاوانباران کێن لە عێراق و بۆچی جلوبەرگی تایبەتی رەسمی، فەرمییان هەیە؟ بۆچی تاوانبارەکە نەیتوانی خۆی ئازاد بکات، و پێویستی بە چی بۆ؟ چارە چییە؟ ئەم بابەتە خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە."

م. امین


1. http://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
2. http://kcdme.com/M.%20Amin%2021.11.2022.pdf
3. http://kcdme.com/M.Amin%2025.02.2023%20-----PDF.pdf
4. http://kcdme.com/M.%20Amin%2005.05.2023%20Original----.pdf